

# ڕەفتاری دەنگدەران لە هەرێمی کوردستان

## بەشداری لە هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان





ڕێژەی ئەوانەیە کە گوتوویانە بەشداریمان لە هەڵبژاردنەکانی 2018 و 2021 کردووە و دەیانەوێ بۆ هەڵبژاردنی داهاتووش بەشداری بکەن.

## ئەوانەی لە 2021دا دەنگیان داوە






سەرچاوە: کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق

## بەشداری لە هەلبژاردنی داهاتوو





## هۆکاری بەشداری لە هەڵبژاردن




## ئامڕازی کاریگەر لەسەر بەشداری لە هەڵبژاردن

## هۆکاری بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردن




# ڕەفتاری دەنگدەران لە هەرێمی کوردستان



پێدەچێت دوو هۆکاری سەرەکی لە پشت ئەوەبن کە ڕێژەی بەشداریکردنی خەڵك لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان هاوشێوەی خولی ڕابردووی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بێت. یەکەمیان هاتنی دەنگدەری نوێ و خواستی بەرزی گەنجانە بۆ بەشداريی لە هەڵبژاردن. ئەوی دیکەشیان ئەوەیە کە لەوانەیە دۆخی سیاسی و زیادبوونی جەمسەربەندییە سیاسییەکان هاندەربێت بۆ بەشداری زیاتری دەنگدەران.

## بەشداری لە هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان




خواستی بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتوو

هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق- 2021


هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- 2018

ڕێژەی ئەوانەیە کە گوتوویانە بەشداریمان لە هەڵبژاردنەکانی 2018 و 2021 کردووە و دەیانەوێ بۆ هەڵبژاردنی داهاتووش بەشداری بکەن.

لەم ڕاپرسییەدا بۆچوونی بەشداربووان لەسەر بەشداریکردن لەهەڵبژاردنی 2018ی پەرلەمانی کوردستان وەرگیراوە کە بەپێی ئەنجامەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ڕێژەی 59.7% بە بەڵێ و 40.3% بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە. لەهەمان کات دا، بەپێی ڕاگەیێندراوی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان کۆی دەنگدەران بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمان 3 ملیۆن و 85 هەزار و 461 هاووڵاتی (3085461) بووە، لەو ژمارەیەش 1845979 هاووڵاتی بەشدارییان کردووە، واتە ڕێژەی بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکەدا ٪59ی بووە. لە ئەنجامی ڕاپرسییەکەدا سەبارەت بە بەشداری لە هەڵبژاردنی 2018 ڕێژەیەکی نزیکی لەوە دەرکەوتووە.

هەروەها، لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق 2021 دا بەپێی داتاکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ژمارەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان 3,277,551 کەس بووە کە لەوەش، 1,601,730 کەس دەنگی داوە، واتە ڕێژەی

بەشداریکردن لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان 48.86% و رێژەی بەشدارینەکردنیش 51.14% بووە. لەکاتێکدا بەپێی ئەنجامی راپرسییەکە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، رێژەی 55.4% بەشداربووان بە بەڵێ و 44.6% بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە. لەوانەیە بەشێکی ئەم جیاوازییەش بگەڕێتەوە بۆ دەنگی پێکهاتەکان کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دا لیستیان جیاواز بووە، بەڵام لە راپرسییەکەدا جیانەکراوەتەوە.
لەسەر ئاستی پارێزگاکان، بەپێی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، رێژەی بەشداریکردن لە هەولێر 50.8% بووە، لە سلێمانی 40.70% و لە دهۆک 58.86% بووە، لەکاتێکدا بەپێی ئەنجامەکانی راپرسییەکە، سەبارەت ئەو پرسیارەی ئایا بەشداریی




سەرچاوە: کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق


هەڵبژاردن پەرلەمانی عێراقت کردووە، لە هەولێر 61.1%، لە سلێمانی 37.6% و دهۆک 65.1% بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە. واتە جیاوازیەک لەنێوان ئەنجامی کۆمیسیۆن و ئەنجامی راپرسییەکەدا هەبووە بەتایبەتیش لە پارێزگای هەولێر و دهۆک، لەوانەیە ئەویش بەهۆی دوو هۆکاری سەرەکی هەبێت: یەکەمیان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، لیستی پێکهاتەکان و کۆتاکان جیاوازبوو کە لەم راپرسییەدا جیا نەکراوەتەوە. دووەمیان ئەوەیە کە دەنگدەرانی هەندێک ناوچە لەم راپرسییەدا کەوتوونەتە بازنەی بەشداریکردن، بەڵام

لە هەڵبژاردنی عێراق دا سەر بە پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان هەژمار کراون. %38.5ی ئەوانەی کە پێشتر بەشدارییان لە هەڵبژاردن دا نەکردووە، گوتوویانە ئێستا ناویان تۆمارکردووە، لەو ڕێژەیەش %69.1یان لەدوای تۆمارکردنی ناوەکانیان، کارتی دەنگدانیشیان وەرگرتووەتەوە.


بەرزترین ڕێژەکانیش بۆ سۆران بە%72.4، زاخۆ %68.7، هەولێر%58.3 و دهۆك بە ٪52.4 بووە. لە شوێنەکانی دیکەش ئەو ڕیژەیە لە سنوورەکانی %20دا بووە.

بە لەبەرچاوگرتنی زیادبوونی ژمارەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە هەریەك لە هەڵبژاردنەکانی 2018 و 2021، دەکرێ بێژین کە ئەوەی وایکردووە ڕێژەی


## بەشداریی گرووپەکانی تەمەن




### خواستی بەشداری ئەوانەی بۆ یەکەمجار مافی دەنگدانیان دەبێت



بەشداریکردن بەرزبێت نەك گەڕانەوەی ئەو دەنگدەرانەیە کە پێشتر بەشدارییان نەکردووە، بەڵکو ئەوانەن کە تازە دەیانەوێت بەشداری لەو پرۆسەیەدا بکەن. نزیکترین هەڵبژاردن بۆ زانینی ژمارەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان ئەوەی ساڵی 2021 بووە کە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە 3 ملیۆن و 227هەزار و 551 دەنگ






هەژماری کردووە. ئێستاش بۆ ساڵی 2023، بەرپرسانی کۆمیسیۆن باس لە ژمارەی 3 ملیۆن و 641 هەزار دەنگدەر دەکەن. ئەگەر وابێت، 413449 دەنگدەری نوێ هەن کە پێدەچێت بەهۆی ئەوەی کە بڕیارە هەڵبژاردن بکەوێتە 25ی شوباتی 2024، ئەو ژمارەیە زیاتریش بێت.


لەنێو گرووپەکانی تەمەن دا، ئەوانەی کە تەمەنیان لەنێوان 24-18 ساڵیدایە بەرزترین ڕێژەی ئەوانەن کە ناویان بۆ هەڵبژاردن تۆمار کردووە و بەرێژەی 52.6%، زیاتر لە دوو هێندەی ئەوانەی گرووپە تەمەنییەکانی دیکەن کە ناویان بۆ هەڵبژاردن تۆمار کردووە. هەروەها، لەو ڕێژەیە، 63.8%یشیان کارتی دەنگدانیان وەرگرتووە. لەڕووی ڕەگەزەوە، 59.3%ی بەشداربووی نێر گوتوویەتی کە بەشداری لە هەڵبژاردن دەکات و 40.7%یش گوتوویەتی بەشداری ناکات. 61.5%ی ژنانیش گوتوویانە بەشداری دەکەن، بەڵام 38.5%ی بەنیازنین  بەشداری بکەن.

ڕێژەی 60.3%ی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان بەشداری لە هەڵبژاردن دەکەن. پێدەچێت جەمسەربەندیی سیاسی و زیادکردنی زیاتر لە  400 هەزار دەنگدەری نوێ کاریگەری لەسەر ئەم بابەتە هەبێت.

خواستی بەشداری لەنێو گەنجانی 24-18 ساڵی بەرێژەی 61.2%بووە کە سەرووی




52%یـان ناویـان بـۆ هەڵبژاردنیـش تۆمارکـردووە و 63.8%ی ئـەو رێژەیـەش گوتوویەتـی کارتەکـەم وەرگرتووەتـەوە. کەمتریـن خواسـتیش بـۆ بەشـداریکردن لـە هەڵبـژاردن لـەلای هاونیشـتمانیانی سـەرووی 60 سـاڵەوە بـووە کـە بەرێـژەی 17.1% هاتـووە. رێـژەی نـاو تۆمارکـردن بـۆ هەڵبژاردنیـش لـەلای ئـەم گرووپە هـەر لە نزمترین ئاسـت دا بـووە و بە 20.4% هاتـووە. لـەڕووی تەمەنـەوە بەرزتریـن خواسـتی بەشـداریکردن لەنێـو گرووپـی تەمەنیـی 40-59 سـاڵ بەرێـژەی 63.2% بـووە. هەڵبـەت ئـەوە لەکاتێکدایـە کـە تەنیا 23.3%ی ئـەم گرووپە نـاوی بـۆ هەڵبـژاردن تۆمارکـردووە. بۆیە بەگشـتی دەتوانیـن بڵێیـن هەرچەنـد تەمـەن دەچێتە سـەرەوە خواسـتی بەشـداریکردن لـە هەڵبـژاردن لـەلای دەنگدەرانـی هەرێمـی کوردسـتان دا کـەم دەبێتـەوە.

لـەڕووی بـاری خوێندنیشـەوە، خواسـتی بەشـداریکردن لەنێـو ئەوانـەدا زیاتـرە کـە بـاری خوێندنیـان کەمتـرە. لەوانەیـە پیشـە کاریگەرییەکـی ئەوتـۆی لەسـەر رەفتـاری دەنگـدەران نەبووبێـت، چونکـە رێژەکانـی ئەوانـەی کـە نایانـەوێ بەشـداربن لەگـەڵ ئەوانەی کـە بڕیارەکەیان پێچەوانەیـە، لـەلای هەرسـێ گرووپـی پیشـەیی(ئەوانەی کـە کار دەکـەن، بێـکارن و ئەوانـەی

کـە ناچالاکیـی ئابووریـن) نزیکـی یـەك بـووە.
خواسـتی بەشـداریکردن لـە ناوەنـدی شـارە گـەورەکان کەمتـرە تاوەکـو شارنیشـنی دەورووبەر و گونـدەکان. بەرزتریـن خواسـتی بەشـداریکردن لـە هەڵبـژاردن بەپێـی ریزبەنـدی لـە سـۆران، زاخـۆ، هەولێـر و دهـۆك بـووە و کەمترینەکانیـش لـە راپەڕیـن، هەڵەبجـە، گەرمیان و سـلێمانی بووە.
لـەدوای هەڵمەتـی راگەیاندنـی پارتـە سیاسـییەکان، پرۆگرامـی تایبەتـی هەڵبـژاردن لـە تەلەڤزیـۆن بەڕێـژەی %42.8 هـۆکار و ئامـرازی کاریگـەر بـووە بـۆ هاندانـی هاونیشـتمانیان تاوەکـو بەشـداریی لـە هەڵبـژاردن دا بکـەن. راگەیاندنـی پارتـە سیاسـییە بەشـدارەکانیش %44.5 بـووە. هەروەهـا، ئامرازەکانـی دیکـەی وەک کـۆڕ و کۆبوونـەوەکان بەڕێـژەی %28.8، سۆشـیالمیدیا بەڕێـژەی %27.3 و وێنـەی بەربژێـرەکان لەسـەر شـەقامەکان بەڕێـژەی %18.8، لـەورووەوە کاریگەرییـان لـە سـەر خەڵک داناوە. لێرەدا کاریگـەری پرۆگرامـی تەلەڤزیۆنییەکان بـۆ چوونـە سـەر سـندووقەکانی دەنگـدان دەردەکەوێـت.